

**کاڵێ رەئوف:**
**یاریزانی تۆپی دەستی ئەفرۆدێت**

# لەگەڵ ئەوەدانیم پشت بە یاریزان و راهێنەری بیانی ببەسترێ





**یاری تۆپی دەست لە شاری سلێمانی بەردەوام لە گەشەساندنەو تیپی تۆپی دەستی یانەکەش یەکێک لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەو کچە یاریزانانی بەتوانایە، یەکێک یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان کاڵێ رەئوف-ە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٤ی شاری سلێمانییە و قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی سلێمانی و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی لە هەردوو خولی نایابی تۆپی دەستی کوردستان و عێراقیش، ناوبراو بە ئاستە بەرزەکەی هەموولایەکی سەرسام کردووە و ماوەی چوار ساڵە یاریزانی تیپی تۆپی دەستی یانەی وەرزشی ئەفرۆدێتە پێشتریش بۆ ماوەی چوار ساڵ یاریزانی یانەی سیروان بووە، ساڵی رابردوو یاریدەدەری راهێنەری فێرگەی تۆپی دەستی ئەفرۆدێت بووە، ئێمەش لەنزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

***ئاستی یاری تۆپی دەست لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- تۆپی دەست بەتایبەتی تۆپی دەستی کچان بە بەراورد بە ساڵانی پێشوو پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئەم پێشکەوتنەش ساڵ بە ساڵ لە زیادبووندایە، بەڵام بێگومان بە لەبەرچاوگرتنی قەیرانی دارایی کە تەنگی بە هەموو بوارەکانی ژیان هەڵچنیوە، بواری وەرزشیش وەکو بەشێك لە بوارەکانی ژیان بەدەر نەبووە لەو کاریگەرییە کە رێگر بووە لە گەشەسەندنی لەم ساڵانەی دواییدا.

***ئەنجامدانی پاڵەوانییەتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

- بێگومان ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی کۆمەڵێك ئامانجی هەیە، یەکێك لە ئامانجەکانی بریتییە لە دەرخستنی ئاستی تیپە بەشداربووەکان لە هەموو شار و شارۆچکەکان و دروستبوونی کێبڕکێیە لە نێوانیاندا، ئەمە وادەکات لەگەڵ هەر پاڵەوانییەتییەك تیپەکان زیاتر خۆیان ماندووبکەن لەپێناو بەدەستهێنانی نازناوەکان، هەروەها ئامانجێکی تری ئەنجامدانی پاڵەوانییەتییەکان دەرخستنی توانای یاریزانەکانە لەو ئاستە کە پێی گەیشتوون و یاریزان دەتوانێت ساڵ بە ساڵ خۆی بگەیەنێتە ئاستێکی بەرزتر، بەڵام کەمیی پاڵەوانێتییەکان کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنی دەروونی و جەستەیی یاریزانەکان، چونکە کاتێك یاریزان راهێنانەکانی ئەنجام دەدات لەپێناو دەرخستنی تواناکانیەتی لە پاڵەوانیەتییەکان، بەڵام بە نەبوونی، یان کەمیی پاڵەوانیەتی ئارەزووی یاریزان کەم دەبێتەوە بۆ ئەنجامدانی راهێنانەکانی، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنی جەستەیی و دەروونی یاریزان.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری تۆپی دەستی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

- بێگومان بۆ بەرەوپێشبردنی تۆپی دەست بە شێوەیەکی گشتی و تۆپی دەستی کچان بەشێوەیەکی تایبەتی لە کوردستان پێویستمان بە یاریزانی ئاست بەرزە، ئەویش بە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی یاریزان لە تەمەنی منداڵییەوە و تێپەڕاندنی بە هەموو قۆناغەکانی راهێنانی وەرزشی، ئەمەش بە بوونی راهێنەر و کادیری وەرزشیی ئاست بەرز و پشتگیری و هاندانی یانە وەرزشییەکان بۆ لەخۆگرتنی منداڵان و پێگەیاندنیان وەکو یاریزان دێتەدی، هەروەها بەرزکردنەوەی توانای ئەو یاریزانانەی لە ئێستادا لە ئاستێکی باشدان و لەتوانایاندا هەیە بگەنە ئاستێکی بەرزتر، ئەگەر هەلی گونجاویان بۆ بڕەخسێت لە لایەنی راهێنان و راهێنەری باش و کردنەوەی پاڵەوانیەتی بە شێوەیەکی بەردەوام، نەك تەنیا ساڵی جارێك، هەندێك کات یاریزان بەدرێژایی ساڵ ئامادەکاری و راهێنان دەکات بۆ پاڵەوانیەتی، بەڵام لە پڕێکدا بڕیار دەدرێت بە هەڵوەشاندنەوەی پاڵەوانیەتییەکە، ئەوەش کاریگەری خراپی لەسەر یاریزانەکە دەبێت. بۆیە پێویستە هەوڵەکان چڕبکرێتەوە لەلایەن یەکێتی تۆپی دەستەوە بۆ ئەنجامدانی پاڵەوانیەتییەکان

***گرفتی یارییەکانی تۆپی دەستی زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

ــ گرفتەکانی تۆپی دەست زۆرن و لە یانەیەکەوە بۆ یانەیەکیتر دەگۆڕێت. کەمیی یەکەی راهێنانەکان و نەبوونی راهێنەر و کادیری پێشکەوتوو بە شێوازێکی زانستییانە کاریگەریان هەیە لەسەر بەرەوپێش چوونی ئاستی یاریزان کە لە دیارترین گرفتەکانن، هەروەها گرفتێکیتری بەردەم بەرەوپێشچوونی تۆپی دەست کەمتوانایی یانەکانە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی یاریزان و کەمیی یاریگاکان بۆ ئەنجامدانی پاڵەوانیەتییەکانە و راهێنانەکانیش گرفتێکی ترە لە گرفتەکانی بەرەوپێشچوونی یاری تۆپی دەست.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك بەنیازی چیت؟**

- وەکو یاریزانێك بەنیازم لە بواری خوێندنەکەی خۆم بەردەوام بم کە وەرزشە، لەپاڵ ئەوەشدا بەردەوامیدانم بە یاریکردن لە یانەکەی خۆم بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانم بۆ ئاستێکی بەرزتر لەپێناو بەدەستهێنانی ئەنجامی باشتر لە پاڵەوانیەتییەکان.

***تا چەند لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

-لەگەڵ ئەوەدا نیم پشت بە یاریزان و راهێنەری بیانی ببەستین، لەکاتێکدا خۆمان خاوەنی دەیان یاریزان و راهێنەرین کە تواناکانیان ئەگەر لە بیانییەکان زیاتر نەبێت، کەمتر نییە. تەنیا پێویستمان بە رەخساندنی هەل و بارودۆخی گونجاو هەیە، هەروەها ئەو داهاتەی بۆ بانگهێشتکردنی بیانییەکان تەرخان دەکرێت، ئەگەر بۆخۆمان تەرخان بکرێت لەگەڵ دابینکردنی رێگای زانستی بۆ پەروەردەکردنی یاریزان و راهێنەران بێگومان دەتوانین پشت بە یاریزان و راهێنەری خۆمان ببەستین.

***لە خێزانەکەت بە تەنیا وەرزشکاری؟**

-بەڵێ بە تەنیا وەرزشکارم.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- پێشنیارم بۆ بەرپرسانی وەرزشی ئەوەیە کە بزانن وەرزش تەنیا بۆ خۆشی و کات بەسەربردن نییە تاکو بخرێتە ریزی دواوەی بوارەکانیتری ژیان و گرنگی پێنەدرێت، یان بە کەم سەیربکرێت و بە پێویست نەزانرێت، بۆیە پێویستە هەوڵ و تواناکانیان بخەنەگەڕ بۆ گرنگی پێدانی زیاتری وەرزش.

***خەونی وەرزشیت وەکو یاریزانێك چییە ؟**

- خەونی وەرزشیم گەیشتنمە بە بەرزترین ئاستی وەرزشیم و بەشداریکردنم لە پاڵەوانیەتییەکانی کوردستان و عێراق و دەرەوەی عێراق.

***بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

- دامەزراندنی هەڵبژاردەی کوردستان خەونی هەموو یاریزانێکی کوردە، بێگومان خەون و ئامانجی منیشە بەناوی هەڵبژاردەی کوردستان و بە لۆگۆی ئاڵای کوردستان لە پاڵەوانیەتییە جیهانیەکان بەشداری بکەم.

***لە هەڵبژاردەی تۆپی دەستی عێراق داواکاری؟**

- بەڵێ، ساڵی رابردوو یەکێك بووم لە یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق، بەڵام بەهۆی پێکانی ئەژنۆم نەمتوانی بەردەوام بم، بەڵام سوپاس بۆ یەزدانی مەزن، ئێستا باشترم و چاوەڕێی هەڵبژاردنی داهاتووم.

***بەچ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- سەرسامم بە کچە یاریزانی تۆپی دەستی هەنگاری anita gorbicz .

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-لە کۆتاییدا دەستخۆشی لە گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ بەسەرکردنەوەی یاریزانانی تۆپی دەست، هیواداریشم هەر بەرپرسێك ئەم گۆڤارە دەخوێنێتەوە کێشەو گرفتەکانی یاریزانان بە هەند وەربگرێت و بە جدی هەوڵی چارەسەر کردنیان بدات.



# دوای ٢٠ ساڵ چێڵسی و کاپتنەکەی جیابوونەوە

یانـەی چێڵسـی ئینگلیزی و جـۆن تێری کاپتنی یانەکە گرێبەسـتەکەی نێوانیـان نـوێ ناکەنـەوەو لەکۆتایی وەرزی ئەمساڵدا جیادەبنەوە .

پێگەی یانەی چێڵسـی بڵاویکردووەتەوە لەگەڵ جۆن تێری کاپتن لەسەر نوێنەکردنەوەی گرێبەستەکەی نێوانیان ڕێککەوتوون و لەکۆتایـی وەرزی ئەمسـاڵدا کۆتایـی بە پێوەندییەکانی نێوانیان دێت.

پێگـەی یانـە لەندەنییەکە سوپاسـی جۆن تێری کردووە کە لەسـاڵی ١٩٩٨ـەوە بەدرێسی بلوزەوە یاری دەکات و لەو ماوەیەشدا ١٤ نازناوی لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئەوروپا بەدەستهێناوە.

جۆن تێری تائێستا لەگەڵ یانەی چێڵسی ٧١٣ یاری ئەنجامداوە کە لە ٥٧٨ یاریدا کاپتن بووەو تا ئێستاش ٦٦ گۆڵی تۆمارکردووە.

لەلای خۆیەوە جۆن تێری گوتی: نازانم بەکام وشە سوپاسی هەموو ئەوانە بکەم کەلەم یانە پرشنگدارەدان، ڕاهێنەران و یاریزانان و بەرپرسـانی یانەکە و هاندەران هەموو کات پاڵپشت و هاوکارم بوون.

یاریزانە بەئەزموونەکەی چێڵسی ڕاشیگەیاندووە لەکۆتایی وەرزی ئەمساڵدا گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەکەی کۆتایی دێت و ئەو کاتەش گونجاوترین کاتە بۆ ماڵئاوایی کردن .

لـە کۆتاییـدا جـۆن تێـری ئاشـکرایکردووە واز لەیاریـی تۆپی پـێ ناهێنێت و لەماوەی داهاتوودا چارەنووسی خۆی دیاری دەکات.

# سێرجیۆ رامۆس ژمارەیەکی مێژوویی نوسییەوە




سێرجیۆ رامۆسی ئیسپانی و کاپتنی یانەی ریاڵ مەدرید ژمارەیەکی مێژوویی تۆمارکرد.
بەبەشداریکردنی لە یاریەکەی یانەکەی بەرامبەر یانەی بایرن میونیخ ژمارەی یارییەکانی لەگەڵ یانەی ریاڵ مەدرید لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپادا گەیاندە (١٠٠) یاری.
پێشتر سێ یاریزانی یانەی ریاڵ مەدرید زیاتر لە (١٠٠) یارییان لە چامپیۆنس لیگدا کردووە، ئەوانیش ئیکەر کاسیاس و راول گۆنزالێس و رۆبێرتۆ کارلۆسن.
کاسیاس هەڵگری ژمارەی پێوانەییەو بەدرێسی یانەی ریاڵ مەدریدەوە بەشداری لە (١٥٠) یاریدا کردووەو راول گۆنزالێسیش لە (١٣٠) یاریدا، هەرچی رۆبێرتۆ کارلۆسی بەرازیلیشە هەگبەکەی (١٠٧) یاریی تێدایە.



## لە رۆژی یاریی کۆتایی چامپیۆنس لیگدا پورتوگال یاریی دۆستانە دەکات

هەڵبژاردەی پورتوگال یارییەکی دۆستانە ئەنجام دەدات و یارییەکەش لە رۆژی بەڕێوەچوونی یاریی کۆتایی چامپیۆنس لیگی ئەمساڵدا دەبێت .
لەسەرو بەندی ئامادەکاریەکانی هەڵبژاردەی پورتوگال بۆ پاڵەوانێتی جامی کیشوەرەکان، یەکێتی تۆپی پێی ئەو وڵاتە لەسەر هاوتا قوبروسییەکەی لەسەر ئەنجامدانی یارییەکی دۆستانە رێککەوتن.
هەردوو یەکێتی ناوبراویش رێککەوتوون یارییەکە رۆژی سی حوزەیرانی ئەمساڵ لە شاری ئیشتۆرێلی پورتوگال بەڕێوەبچێت.
ئەو بەرواره رۆژی بەڕێوەچوونی یاریی کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەمساڵەو لەکاتی گەیشتنی یانەکانی ریاڵ مەدرید یاخود بەرشلۆنە یاخود ئەو یانانەی کە یاریزانە پرتوگالییەکان یاریی بۆ دەکەن، ئەوا ناتوانن بەشداری یاریی هەڵبژاردەکەیان ببن.
رۆژی ٩ی حوزەیرانیش هەڵبژاردەی پورتوگال لەیەکێك لەیارییەکانی پاڵاوتنی گەیشتن بەمۆندیالی ٢٠١٨ی رووسیا رووبەڕووی هەڵبژاردەی لاتیڤیا دەبێتەوە.
رۆژی ١٧ی حوزەیرانی ئەمساڵ جامی کیشوەرەکان لە رووسیا دەستپێدەکات و رۆژی ٢ی تەموزیش یاریی کۆتایی پاڵەوانێتیەکە بەڕێوەدەچێت، هەڵبژاردەی پورتوگالیش رۆژی ١٨ی حوزەیران یەکەمین یاریی خۆی لەپاڵەوانێتییەکەدا ئەنجامدەدات و بەرامبەر هەڵبژارەی مەکسیك یاری دەکات.



# میران کەریم خەریکی ڕێککەوتنە لەگەڵ یانەیەکی ئەڵمانی

چەندین یاریزانی کورد لە ماوەی ڕابردوو چوون تاراوگە بە ئامانجی باشتر بوونی بارودۆخی ژیانیان و چوونە قۆناخێکی ترەوە، میران کەریم یاریزانی پێشووی یانەی برایەتی و کە ئەم وەرزە لە خونایابی یانەکانی کوردستان ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێرو هەرچەندە هەوڵی زۆریشدا لە یارییەکانی چوار گۆشەی زێرینی خولەکە یاری بۆ یانەکەی بکات، بەڵام گرفتی تەواو نەبوونی مۆڵەتی نیشتەجێبوونی لە وولاتی ئەڵمانیا نەیتوانی لەگەڵ یانەی پێشمەرگە یاری بکات، ئێستاش لە هەوڵی ئەوەدایە بۆ یانەیەکی ئەو وولاتە یاری بکات، لەم بارەشەوە میران کەریم لە ولاتی ئەڵمانیایەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: هەوڵمدا بگەڕێمەوە بۆ شاری هەولێر بۆ ئەوەی درێژە بە یارییەکانم بدەم لەگەڵ یانەی پێشمەرگە بەڵام ئیقامەم تەواو نەبووە بۆیە نەمتوانی بگەڕێمەوە، لەبارەی مانەوەشی لە ئەلمانیا و بەردەوامبوون لە وەرزش کردن گوتیشی: بەڵێ دوو تا سێ یانە هەیە، بەڵام جارێ ماوە کە بچم قسەیان لەگەڵ بکەم، بەڵام یانەیەکی پلە سێ هەیە بە ناوی دوسیل دۆرف هەر لەو شارەیە کە من لێ نیشتەجێم، جگە لەوەش یانەی فۆتونە دوسل دۆرفیش قسەم کردووە ئەوان پلە دوون قسەم لەگەڵیان کردووە بەڵام جارێك کارەکانم تەواو نەبووە ماوە یانەیەکی زۆر گەورەیە، زۆریش لە ئاستی من ڕازین بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم، بەڵام لە ئەوروپا ئەم کارانەی من و پەیوەندیی کردنم بە ئەوان دەبێت لە ڕێگای پارێزەرەوە بێت ئەو کاتە دەتوانم کارەکانم تەواو بێت ڕاستەوخۆ بچمە ریزی یانەکە، جارێك لەگەڵ یانەکە تەنیا ئەوەندە قسەمان کردووە بۆیە هەر کارێك تەواو بووم بۆمنیش کارێکی باش دەبێت بۆمن و هەوڵدەدەم لەگەڵ یانەیەکی ئاست بەرز بگەومە ڕێکەوتن و ئاستی خۆم زیاتر بەرەو پێش ببەم.

# کچانی کەرکووک پاڵەوانی هەرێمن



لە شاری دهۆك لەهۆڵی یانەی سەنحاریب دوای پێنج رۆژ لە ململانێ لە نێوان هەشت تیپی کچانی هەڵبژاردەی پەروەردەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان هەردوو تیپ فوتساڵی پەروەردەکانی هەڵەبجەی شەهید و کەرکوک گەیشتنە یاری کۆتایی پاڵەوانیەتیەکە لە یاری کۆتاییشدا بە ئامادەبوونی بەکر کەریم بەرێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر و ژمارەیەك لە بەرپرسانی پەروەردەیی یاری کۆتایی دەست نیشان کردنی پاڵەوان لە نێوان هەردوو پەروەردەی کەرکووك و هەڵەبجەی شەهید ڕووبەرووی یەکتری بوونەوە لەم یارییەشدا یاریزانانی تیپی هەڵبژاردەی پەروەردەی کەرکووك توانی بە ئاست و بە ئەنجام یارییەکە بە سوودی خۆی کۆتایی پێبهێنت دوای ئەوەی بە ئەنجامێکی گەورە (٥-٠)گۆڵ یارییەکەی بردەوە و جامی پاڵەوانیەتیەکەی بۆ شاری کەرکووك بردەوە وهەریەك لە تیپی پەروەردەکانی هەڵەبجەی شەهیدو پەروەردەی رۆژ ئاوای سلێمانیش پلەی سێیەمی پاڵەوانیەتیەکەی بردەوە دواتریش لەلایەن بەرپرسانی وەرزشی خەڵات و دیاری بەسەر تیپ و یاریزانە سەرکەوتووەکان دابەشکرا ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە هیچ تیپێکی پارێزگای هەولێر لە ئاستی کچان بەشداری ئەم پاڵەوانیەتیە نەبوو.



# باڵەی پێشمەرگەی سلێمانی باڵا دەستی عێراق بوو

تیپی باڵای یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ئەمساڵ تاکە یانەی باشووری کوردستان بوو کە بەشداری کێبرکێیەکانی خولی نایابی باڵەی یانەکانی عێراقی کردبوو، سەرەرای ئەوەی دەستەی کارگێری یانەی پێشمەرگە پارەیەکی زۆری لەم تیپە سەرف کردبوو بەهێنانی چەندین یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاستی عێراق، بەڵام دواجار توانی ئامانجەکەی بپێکی و جگە لە گەیشتی بۆ قۆناخی بژاردە و برینی هەمووقۆناخەکان لە هەریەك لە شارەکانی سلێمانی و بەغدا و نەجەف و بەسرا کە لە نێو پێنج بەهێزترین تیپی ئاستی عێراق توانی نازناوەکە لە باشترین یانەکانی عێراق بڕفێنێت و بیگەڕێنێتەوە شاری سلێمانی، تا کۆتایی هاتنی خولەکەش هەریەك لە یانەکانی شورتە و غازی باشوور کێبرکێ توندیان لەگەڵ یانەی پێشمەرگە کرد، بەڵام پێشمەرگەکانی سلێمانی بە ئاست و بە ئەنجامیان هەموو یانەبەهێزەکانی عێراقیان لە دوای یەك رێز کرد و ٥٣ خاڵی یەك لەدوای یەك لەم وەرزە کۆکردەوە و بووە پاڵەوانی یانەکانی عێراق ئەمساڵیش بە نوێنەرایەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بەشداری لە پاڵەوانیەتی یانەکانی عەرەبی دەکات، کوڕانی پێشمەرگەی سلێمانی بە رێنماییەکانی ڕاهێنەری بەتوانای یانەکەیان دکتۆر سەلاح کانەبی توانیان ئاست و ئەنجامی شایستە بۆ شاری سلێمانی بەدەست بهێنین و ئەوەشیان سەڵماند کە تاکە یانەی کوردستانن کە دەتوانن کێبڕکێ لەگەڵ بەهێزتر یانەکانی عێراق بکەن لەسەر بەدەستهێنانی نازناو .